وەفدەکی پەرلەمانی عێراق سەرۆکایەتی شاخەوان عەبدوڵڵا گەیشتە ڕۆما

وەفدێکی پەرلەمانی عێراق بە سەرۆکایەتی "شاخەوان عەبدوڵڵا" جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، بە بەشداریکردن لە کارەکانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پەرلەمانی ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی ناتۆ، گەیشتە شاری ڕۆما.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی وەفدی عێراقی، لەڕاگەیێندراوێکدا بڵاویکردەوە:- "شاخەوان عەبدوڵڵا " جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق،بە سەرۆکی وەفدێکی پەرلەمانی لە لیژنەی ئاسایش و بەرگری کە هەردوو پەرلەمانتارن "کەریم یوسف و عەلی حەسەن عەبدولهادی" یاوەری بوون، بە بەشداریکردن لە کارەکانی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پەرلەمانی ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ)، کە لە ڕۆژانی 6 تا 8-5-2024 بەڕێوەدەچێت, گەیشتە ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا.

وەک ڕاگەیێندراوەکە ئاماژەی پێداوە:- وەفدەکە لەلایەن "سیوان بارزانی" بالیۆزی عێراق لە ئیتاڵیا و ستافی بالیۆزخانە پێشوازی کران،و بڕیارە وەفدەکە لەسەردانەکەیدا تاوتوێی چەندیم مەلەفی گرنگ لە پرسە نێودەوڵەتییەکان،و کۆمەڵێک بابەتی ئەمنی و کاردانەوەکانیان لەسەر ناوچەکە و جیهان بکەن.